## بۆ بەرێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

## دوای دەست خۆشیو پیرۆزباییمان بۆ جەنابت بۆ سەرۆکی هەرێم

دەزانین  هەق نەبوو جەنابت سەرقاڵی ئەمجۆرە شتانە بکەین، بەڵام چیبکەین؟،جگە لە جەنابت کەسێکی دیکە شك نابەین، پەنای بۆ بەرین. ماوەی هەفتەیەك زیاترە داوا لە پارێزگاری هەولێر و حکومەتی هەرێم دەکرێت کە (نەبەز حامد)کە کوڕی عەقید حەمید و دواتر بەر لەوەی فەوجی خەفیفە دروست بکات ،ئەو عەقید حەمیدە هەر لە سوپای داگیرکەری بەعس دا بەرزکرایەوەو کرا بە (عمید)بێگومان هەروا بە سانایی نەکرا بە عمید ، بەڵکوپێشتر  (٧)حەوت نیشانەی ئازایەتی_نۆتی شوجاعەی بەعسی_وەرگرتبوو، دیارە ٧ نیشانەی ئازایەتی بە ئاسانی وەرنەدەگیرا،تا بن هەنگڵی خوێنی پێشمەرگەو خەڵکی بێدیفاعی لێدەچۆڕا . لە چەندین کتێبیشدا وەك ئەنفالچی  ناوی هاتووە  بۆنموونەکتێبی (توونی مەرگ)هەر لەو کتێبەدانووسراوە ساڵی (١٩٨٨)لە یەك وەجبەی شاڵاوی ئەنفالکردندا (١٠)دە رۆڵەی ناوچەی ساڵەیی کەرکوکی بە ئەنفالکردن داوە،خوێنی(مام رەزا قەرەسالمی، ،شەریف کەریم رۆژبەیانی،یاسین عومەر سدیق بیرێسپانی،عومەر برای شەهید مام برایم قەرەسالم ، ...............چەندینی تر، کە نامانەوێ سەرت بئێشێنین. بە دەستی ئەو زاڵمە ئەنفال کراون .
ئیستا لە جیاتی دادگایی کردنی  ، لەجیاتی سارێژکردنیبرینی خەستی کەسوکاری شەهیدو ئەنفال کراوەکان ، کەچی نەبەز کە کوڕی ئەو ئەنفالچییەیە، ماوەی مانگێکە کردوویانە بە قایمقامی بنەسلاوە ، بێگومان نەبەزیش  خزمەتی شەش ساڵ جاشایەتی، ئەو شەش ساڵەی کە لەگەڵ باوکی پەلاماری بۆ هێزی پێشمەرگە دەبرد، واتە نەبەزئێستا لەو حکومەتی

هەرێمەی کە جەنابت سەرۆکی هەرێمەکەی ، نەبەزی جاش و کورِە ئەنفالچی خزمەتی (٦)شەش ساڵ جاشایەتییەکەی بۆ کراوە بە (٦) شەش ساڵ پێشمەرگایەتی!!!!سەرت سورِ نەمێنێ عاجباتی لەو جۆرەلە ناو حکومەتی هەریچمدا زۆرن!!

ئێستا تاکە داوامان لە جەنابت ئەوەیە ، ئەوکورِە ئەنفالچییەمان لەبەرچاو لابدەی ، با کەسێك قایمقامی بنەسلاوە بێت کە پارتی و حکومەت و میللەتیش سەری پێ بەرز بێت.

خەڵکی دەشتی هەولێر بە درێژایی مێژوو تێکۆشەرو قارەمان بوونە و شەهیدی زۆریشیان لەوپێناوە داوە، ژنە رەشپۆشەکانی دەشتی هەولێر و قەبرستانەکانی دەشتی هەولێر نموونەی زۆر زیندوون، تکایە چارەیەکمان بۆ بکە .

لەگەڵ رێزماندا

**ئازاد کەریم**

**خاوەنی دوانزە شەهیدو ئەنفال کراو**